





## مەلەوانی و ڕۆژنامەوانی



**ڕووداو:** قەوارە سیاسیەکان لە ساختەکاری و دەستتێوەردان دەترسن.

گەپ: دیارە قەوارە مەدەنیەکان دەیکەن !!

**ستاندەر:** کام زانکۆ هەڵبژێرم ؟

گەپ: ئەوەی بە پارەیەو دەرچوونی مسۆگەرە!

**کوردستان راپۆرت:** پرخە پرخ بۆ پیرەکان بەسوودە.

گەپ: وریئەش بۆ گەنجەکان!

**هەولێر:** ژنە کوردێک لە بەسرە پیاسە دەکات

گەپ: جاچییە؟ ئەی بۆ ئەو هەموو ماجیداتە لە کوردستان پیاسە دەکەن.

**هەواڵ:** گەنج واقیعە یان درووشم؟

گەپ: موزاهەرەیە!

**کۆمەڵ:** شەرعیەتی هاوپەیمانی سیاسی

گەپ: وەک نوێژی کۆبوونەوەی حزبی وایە.

**گوڵان:** دواخستنی منداڵبوون بۆچی دەگەڕێتەوە؟

گەپ: بۆ دەوڵەمەند بوونی دکتۆرەکانی نەخۆشی ژنان.

**رۆژنامە:** خێرە وابەپەلە هاتوونەتە مەیدان؟

گەپ: ئینشەڵلا ئەویشت پێ ئەغزە!؟

**ئاسۆ:** پەروەردە لە خزمەتی تەعریبدا.

گەپ : میقتاتە و مەساحە و مەستەرە لە خزمەتی کوردایەتیدا

**خەبات:** ئێمەش خوازیاری دەزگایەکی رۆشنبیری و راگەیاندنین

گەپ : جا کەس ئەوەندە ئێمەی دەزگای رۆشنبیری هەیە

**یەککرتوو :** خوا کێی خۆش دەوێت

گەپ : پەرستنی دوور لە سیاسەت

**لڤین :** گەندەڵی عێراق دادەپۆشێت

گەپ : ئەی بەرێزتان؟!

**بەدرخان :** ئەرێ قەڵات چی لێهات؟

گەپ : لەتەنیشت بازارە

**چاودێر :** کاتێک مالکی لە پەنجەرەوە بازیدا

گەپ : قاچی ١٤٠ و دەستی فیدراڵی شکاند.

**کوردستانی نوێ :** لیستی گۆران یان لیستی تۆران

گەپ : قسەم پێ مەکە.. با قسە نەکەم !!

**هاوڵاتی :** لە نەوتەکەش ناگەڕێن !

گەپ : ئەی ئەتەوێ خۆی بفڕێ بۆ ئۆپیک؟

**بارزان :** قوتابیان زانکۆ بە شوێنێکی شیاو بۆ هاوسەرگیری دەزانن.

گەپ : پارک و مۆبایلیش بۆ عیلم و مەعریفەت!!




ئەحەی دەهۆڵ

کوڵمی سورو چاوی ڕەش بەژنی وەک شۆرە بییە
لەچاو شاری سلێمانی، هەولێر ئەبوزەبیە
بەلای ماڵیان ڕابوردم دیم یارم ڕاوەستاوە
کەلەکەی چەپم دێشێ باوکم بە تل لێیداوە
باڵای بەرزەو عەرعەریە ئاوەدان جوانرۆ
ئەو بۆیلەرە بکوژێنەوە بەم گەرمای نیوەڕۆ
بابچینە سەر وەیس وەیسی خۆمانە
دەنگی ئەمجارەم لەبۆ چاوجوانە
هاتم لەلای ئەولایە هەرچۆنی بلێم وایە
شار لە ئنتیخاباتدا فول ئاو کارەبایە
ئەمرۆ سێ ڕۆژە نەمدیوە یارێ
خۆڵ بارین کەم بوو کوللش ئەبارێ
ئەوخاڵە جوانە لەسەر چەناکە
گەر تەعین نەبم مردنم چاکە
ماڵێ بابەکەم ئامە لێوت شەکەری خامە
بێزاربوم لە ئاسیاسێل لەداخی کورتەنامە
ئاییەو ئۆییە ئەوکچە تیلە کۆییە
خزمێکت مەنسول نەبێ پیشەت باوکەڕۆیە

## هەواڵی ماتۆڕی

لە بنی دنیاوە گوێم لە قیژەی برێکی ماتۆرە نەگبەتەکەی خۆمان بوو، ڕامکرد بۆلای وتم ها خێرە؟ وتی لاچۆ.. سەری خۆم هەڵدەگرم لەداخی عیادەی دکتۆر هەرامە... وتم: چی بووە؟ وتی: لە موختەبەر فەحسی دوو کیژۆڵەیان لێ تێک چووە و بەهەڵە عیلاجیان بۆ نووسیون، یەکەمیان قۆڵۆن دووەمیان گورجیلە، عیلاجی ئەمیان بەویان داوەو عیلاجی ئەویان بەمیان داوە.. وتم: ئێ ئاخری؟ وتی: ئاخرییەکەی ئەوەی قۆڵۆنی هەبوو توشی ئیلتیهابی گورجیلەش بووە، ئەوەش گورجیلەی ئیلتیهابی هەبوو توشی تەزەخوماتی قۆڵۆنیش بووە.






## عەینەن یەك



**بزمار**

١- نەوعێتی زۆرە و ڕەقە.
٢- چەکوش دای ئەکوتێ.
٣- خانوی پێ دروست دەکرێ.
٤- نوکی تیژەو سەری پانە.
٥- بەروبومی کارگەی ئاسنە.
٦- چەقی بەشتدا زەحمەت دەرەچێ.
٧- پارە دەکا و زۆر بەرەواجە.

**حزبی بچوک**

١- انواعی وا هەیە قسەیان ڕەقە.
٢- گەورەکان سەریان پان دەکە نەوە.
٣- مطبخێکیش پی دروست ناکرێ.
٤- سەری تیژەو زمانی زبرە.
٥- دروسکراوی وولاتە ئیقلمیەکانن.
٦- لەپەرلەمانا بە پالیش دەر ناچێ.
٧- فلسێ ناکات و چاوەرێی پارەیە.

NAMO



نامۆ

ئەم كاریكاتێرانەی هونەرمەند مامۆستا نامۆ بەشێكن لەو بەرهەمانەی نێو كتێبێكی ئامادەكراو بۆ چاپ لە ساڵی ٢٠٠٠ەوە، وا لە گەپ بە ئەڵقە بڵاوی دەكەینەوە.



## تەحلیلات و تەفسیرات و تەنزیلات




عەبە سێ سەر

**تەحلیلی سیاسی:**

ئەم ڕۆژە بەنیسبەت منداڵانەوە هیچ لە مەسەلەكە ناگۆڕێت،

بەڵام لەڕووی سیاسیەوە بۆ گەورەكان ڕۆژێكی بەلەزەت و كێك ئامێزە، بەتایبەتی مەسئولەكان بەم یادە زۆر شادومان خەندە لێو دەبن، تەمەنناش دەكەن منداڵە سمێڵ گەشەكان هەموو ڕۆژێكیان هەر جەژن بێت!!

**تەفسیری كۆمەڵایەتی:**

خۆی لەڕاستیدا ئەم جەژنە لەڕووی كۆمەڵایەتیەوە شمولی منداڵە چڵمنەكانی گەڕەكە شەعبیەكان ناكات، باشتروایە ڕۆژەكە ناو بنێن ڕۆژی جیهانی منداڵانی نمونەیی و بەناز پەروەردە، چونكینێ ئەوانی تر لەپشووی هاویندا فرۆشتنی كرێمستی و سەربەقاوە دەستیان ماچ دەكات!!



## (هەر لۆ فشەی)

### شێخە فشە

برادەرەکی ئیزعاجم هەیە هەمووجارێ لەبن دیواری قەراتێ کە دەست بە نووسین دەکەم، نوسینەکەم لێ تێک دەدا، هەر وەختەک بیرۆکەیەکم لۆبێ وەکی عیزرائیلی دەگاتە سەر سەرم! ڕۆژنییە نوسینم لێ تێک نەدا، نیوە شەوەکیان لەخەوێ ڕاپەڕیم بیرۆکەیەک بە مێشکمدا هات، تەماشای سەعاتم کرد، ٢ نیوی شەوەێ یە، گۆتم: ئۆخەی مردی لەوەی پاکتر ناشوورێ، ئێستا وەختی نوسینە، خۆ برادەرەکەم لێرەنی یە! هەتا نوسینەکەم لێ تێک بدا، هەرلۆفشەی قەرەم و قاقەزم هینا، قاوەکي گەرم لۆخۆم عازر کرد، جغارەکی کێنتم داگیرساند، بڕەک دووکەڵم لەدەورە خۆم بڵاو کردنەوەو سەبر سەبر چێشتم بە میشکیدا دەهات، هەردەستم بە نوسینی کرد، مۆبایلەکەم لێی دا!!! خێربی خوایە بەو نیوە شەوەی؟!! دیسان سیسلەی ئەفکارم پسا... هەرلۆفشەی دەزانن کێ بوو؟ برادەرەکەم بوو!!



حاڵی گەڕەکە هەژارەکان



### تەنزیلاتی ئابووری:

ئەم جۆرە یادو جەژن و مەژنە لەرووی ئابوورییەوە مانای داتەکاندنی گیرفانی ئابووری دەگەیەنێ، جابۆیە پێمان باشە ئەم ڕۆژە لە تەقویمی دنیادا نەمێنێ، چونکە منداڵان پەکیان لەسەر ئەوە نەکەوتووە کەوا گەورەکان لەو ڕۆژەدا نەستەلە و کێک و شەربەتیان بۆ بخۆن!!




## لە ڕۆژێکی وەک ئەمڕۆدا:

١- لە خۆرێکی وەک سێبەرداو لە ڕێکەوتی بیست و دووی گیاگەنانی ساڵی دوو هەزارو زاوزێی مەعاشاتی دەبڵی مەسئولیندا، پەرلەمانتارێک پاش چوار ساڵی ڕەبەق لە بێدەنگی، هەتا هێزی تێدا بوو گوڕی خواردەوەو بۆ یەکەمین جار دەستی هەڵبڕی!

٢- لە ڕۆژێکی وەک پێرێداو لە بەرواری یەکی شەشی دووهەزارو وەعدی بەلەزەتیدا، بڕیار وابوو لەلایەن وەزارەتی ئمەوە لیژنەیەکی پزیشکی تەرخان بکرێت بۆ دەستنیشانکردنی منداڵانی (ئۆتیزم) و هاوکاری کردنیان لەڕووی مادی و مەعنەوییەوە، بەڵام حاڵی حازر دەرگای بیناکە قوفڵێکی پێنج کیلۆیی هاپێوە!!!

٣- لەڕۆحێکی وەک تەئەخیداو لەبەرواری پێنجی مێنجی ساڵی تلیسانەوەی ڕەحمی برایەتیدا، سەرۆک وەزیرانی عێراق لەجیاتی بودجەو پێداویستیە گرنگەکان بە هەموو عەقڵێکیەوە بڕی سەدوپەنجا طەن خورمای بەدیاری نارد بۆ شاری خانەقین هی هی هی هی...




## تیاترۆ

**عوسە سویچ**

خولە/ خلە گیان گەراج لە کوێیە؟
خلە/ کام گەراج ؟
خولە/ گەراجی بەغدا.
خلە/ زۆر دوورە ئەبێ بە تاکسی بڕۆی.
خولە/ تەکسی بەچەند دەمبات؟
خلە/ بەکۆڵێ پارە.
خولە/ دەی کۆڵێ پارەشم بدەرێ.
خلە/ ها ئەوەش پارە!
خولە/ ئای دەست خۆش، وەرە لەگەڵیشما تا گەراج!
خلە/ باشە دێم، بەس پێم ناڵێیت بۆچی ئەچی بۆ بەغدا؟
خولە/ ئیشم بە مالکی هەیە.
خلە/ ئاخر ئیشەکەت چیە؟
خولە/ هیچ نیە، شکاتێک ئەکەم
خلە/ لە کێ؟
خولە/ وەڵا لەتۆ.
خلە/ لە من؟ بۆچی؟
خولە/ ئەی بۆ نایەڵیت تاڵانت بکەم؟
خلە/ یەعنی لەبەر ئەوە شکاتم لێ دەکەیت؟
خولە/ نەوەڵڵا.. لەبەر بەڕڕەکەش!
خلە/ کام بەڕڕە؟
خولە/ ئەوەی ژێرت؟